هۆنراوه بۆ منداڵان
پەروەردە و فێرکردن

# ئاوازی چل مەل

شاعیر
بەختیار کەلهوڕی



# ئاوازی چل مەل


دانەری : بەختیار کەلهوڕی
ساڵی دەرچوونی: 2021
ساڵی چاپ: 2021
ژمارەی سپاردن: 833ی ساڵی 2021
بابەت: هۆنراوە بۆ منداڵان
تیراژ:500
نرخ:2000
بەرگ و ناوەڕۆك : ئیبراهیم ساڵح
سەرپەرشتی چاپ: ناوەندی ئاشتی
چاپی: یەکەم




# پێشەکی

لە پەرتووکی ژمارە ( 3 )ی ئەم زنجیرەیەدا, ئاوازی چل مەل هەر یەکە و بەدەنگێکی خۆش ئاوازەوە لەسەر لق و چڵی دارێکی سەوزی پڕ لە هیوا و ئومێدەوە ئارام ئارام دەخوێنن تاکو گوێچکەکانیان پڕکا لە ئاوازی هاوکاری و تەبایی و خۆشەویستی ئەوانیش لەسەر شانۆی ئەم ژیانە جوانە بەگۆرانێکی پڕ هەست و سۆزەوە بۆ خاک و نیشتمان بەدەنگێکی زوڵاڵەوە یەک لەدوای یەکتری بۆ یەکی بڵێنەوە.



شاعیر
بەختیار کەلهوڕی

# پێشکەشە

- ڕوحی پاکی باوکم.
- دایکی خۆشەویستم کە هەموو کات پاڵپشتم بووە.
- برا و خوشکەکانم.
- هاوسەری ئازیزم ( ماردین ).
- جگەرکۆشەکانم ( لەنیا و لۆنا و لەوەند ).
- هەموو منداڵە جوانەکانی سەر ئەم گەردوونە.



## قوتابی زانست خواز

ئەی قوتابی زانـسـت خـــواز
چـریـکـەی نەغـمـە و ئـــاواز
دەی بخوێنـە ڕۆڵـەی چـــاك
جوان ڕابگرە ژینگـەی پـــاك
نـمـونـەی ڕەوشـت بـــەرزی
بـــڕوێـــنـە لـەســەر ئــەرزی
تـــــا ڕازاوە بــــێ وڵات
خـوێـنـدن بـکـە بە خـەڵات
با هەموومان بەیـەك دەنـگ
بەیەك ئـاڵا و بەیەك ڕەنـــگ
بـنـەخشـێـنیـــن کوردستـان
بـــۆ سـەر بەرزی نیشتیـمان



## لاپتۆپ

باوکم بۆی کڕیم لاپتۆپ
لەبری پاسکیل و تۆپ
وتی بەکاری بێنە
زانیاری لێدەر بێنە
دوگمەی زۆری پێوەیە
بۆ خزمەتی ئێوەیە
لاپتۆپەکەم قەشەنگە
لە زانیاری پێشەنگە
بۆتە هاوڕێی هەمیشە
هاوکاری کار و پیشە
لێزانە و زۆر وردبینە
دەی تۆش وەرە بیبینە



## پـەرتـووك

دڵسۆزە ئـەو پـەرتـووكـە
هـاوڕێی منداڵی چـەپووكـە
دڵ و دەروونـی پـاكـە
دۆستـایـەتی ئـەو چـاكـە
هـەر كـە زانـی كـە چـەوتـی
دەتـبـا بۆ ڕێـگـای ڕاسـتی
كـە تـووشـت بـوو تـاریـكی
بـۆت هـەڵدەكـا ڕوونـاكـی
چـونكـە لەجێـگـای كـەستە
لـە مـنـاڵـی بـزێـو پـەسـتـە
پشـت بە پەرتووك ببەستـە
(( ئەویش هیوا و مەبەستـە ))




## گوێڕایەڵی

دەی ڕۆڵەکەم دانیشە
گوێڕایەڵ بە هەمیشە
داهاتوویێکت لە پێشە
ڕەوشت بکە بە پیشە
لە هەموو کار و ئیشە
ئاخی بۆ هەڵمەکێشە
دابنیشە بێ کێشە
دەستی بۆ ڕابکێشە
دەری بێنە لە ڕیشە
هێڵکاری بۆ بکێشە
بە بیر و بە ئەندێشە
داهاتووی خۆت بکێشە



# تیشکی خۆر

سودی زۆرە تیشکی خۆر
دەبەخشێتن وزەی زۆر
سەرچاوەی ڕوناکییە
پێکهاتەی خۆراکییە
هەرچی هەیە زیندەوەر
لە مرۆڤ و بوونەوەر
لە وشکانی و لەناو ئاو
هیچیان ناژین بێ هەتاو
چەند هەسارەی جۆرا وجۆر
کەوتوونە کۆمەڵەی خۆر
مانگ و ئەستێرەی ئاسمان
درەوشاوەن لە سەرمان
هەمووی بەهۆی تیشکی خۆر
سود وەردەگرن هەمە جۆر





## سمارت فۆن



شەوان لە کاتی خەوتن
حـەوانـەوە و پاڵکەوتن
وریـابە لە سمـارت فۆن
ئـەوەی لە نـزیکی تۆن
لە مـوبـایــل و ئـایـپاد
نـەکەی بیان کەی لەیاد
هـۆکـارن بـۆ نەخۆشی
بـۆ ئــازار و نـاخۆشی
مـنـداڵان لە کاتی شەو
لـە کاتی هـاتـنـی خەو
بـۆ بـاری تـەنـدروستی
دووربە و ببە بەربەستی



# پاسکیل

کـاتێ پاسیکل لێدەخــوڕم
مـــــەودای زۆری پێدەبڕم
بە ئاڕاستەی خێچ و خـــوار
نـاڕۆم منی پاسکیل ســوار
یـاسـاکـانـی ڕێـگـا و بان
دەبـنـە ئـامــاژە و زوبـان
لەسـەر شـەقام و شۆسـتـە
ئەو شوێنەی کە پێویسـتـە
گــوێـڕایـەڵـی هاتــووچــۆم
ڕێـك بـەو ئاراستــە دەڕۆم



# سەیران

دەچین بۆ سەیران و گەشت
بۆ بینینی دۆڵ و دەشت
بۆ ئەوەی لێی بڕوانین
لە سروشتیان بزانین
کەوا خودای میهرەبان
خاوەنی ئەرز و ئاسمان
هەر چوار وەرزی سروشتی
داوە بە وڵات بە گشتی
لە تاڤگە و کانیاوی جوان
سەوزایی دەشت و کێوان
لە گەرمیان و لە کوێستان
ئاو و هەوای کوردستان
لە بارە و زۆر گونجاوە
خودا بە ئێمەی داوە



## خوێندنەوە

هـــەوڵـــدەدەم بـــێ وچان
بە دار دەســـتـــە و بە گۆچـان
تـا بـــەرەو تـــەمـــەن بچم
هـەر بـەرەو زانــســت دەچـم
بەرگەی کەم خوێنـــدن ناگــرم
زانـیـــاری هـــەر وەردەگـــرم
زانـســـت خـــۆراکـــی گیـانە
مـــایـــەی خـــۆشـــی ژیانە
بـۆیە هـــەوڵـــی بـۆ دەدەم
لـــەو ڕێـــگـــایـــە لانـادەم



## منم خاوێنکەرەوە

مـــنـم خـاوێـنـکەرەوە
دۆسـتـی پاگـژ کــەرەوە
زبـڵ و خاشـاکی کــۆڵان
لە پاشماوەی بــەرمــاڵان
هەرچی هەیە لەخاشـــاك
ڕای دەماڵم لەسـەر خـاك
وەك کار گوزارێکـــی چاك
دەیـپـارێزم ژینگەی پـاك
ســروشـتی جـوانی ژیان
پـاك ڕادەگــرم بێ زیان



## ئامادەکاری

بۆ ئـەزمـوونی کـۆتـایـــی
بـە زیـــرەکـی و دانـــایـی
دەخــوێنم بـابەت بـابـەت
دامـنـاوە کـاتی تـــایـبەت
هەوڵی خۆمـــی بۆ دەدەم
کـاتـیـش بەفیـڕۆ نـــادەم
دەچـم بـۆ ئـەزموونەکـان
دەبەم پێـداویستـــییەکان
تا بـبـڕم قـۆنـاغــێکـی تر
بـــە هەگبەی زانـستی پڕ
دەچــمــەوە قـوتـابخانـە
مـــاڵـێـك وەك چـراخانـە



## بەفربارین

وا دیســـان بـــەفـــر بـــاری
دڵ خـــۆشـــی هـێـنا شـاری
دەچـیـن بـۆ شـوێنی یـــاری
تـا بـچـێـژیـن بـەخـتـیاری
نـیشـانەی ئـەم زسـتـــانـــە
ســـاردی بـــەفـــر و بـــارانـە
ساڵێ یـــەك جار مـیـوانـــە
ئـــەو بـەفـرە سـپی و جـوانـــە
دار و درەخـتــی ئــەم نـــاوە
بـــەرگـــی خـــۆیـان دانـــاوە
لەگـــەڵ ئەم دەشت و كێـوە
گـــۆڕاوە ڕەنـــگ و شـــێـوە
مـــنـداڵانـیـش دڵـخـۆشـــن
بـە كەوتـنی كەیـف خـــۆشـن
یـاری لەگەڵ یـەك دەكـــەن
لـەگـەڵـیـا سـەمـا دەكـــەن



# من منالێکی کوردم



من منالێکی کوردم
بۆ خۆم بە دەست و بردم
لە تێکۆشان ناوەستم
تا بگەم بەمەبەستم
چرای زانست هەڵدەکەم
تا بەرز بێ ئاستەکەم
خزمەتی وڵات دەکەم
ڕێی تاریک ڕۆشن دەکەم
دڵخۆشم بەو وڵاتە
بە مێژووی بەر باڵاتە
بیر و هۆشم لە لاتە
سەرکەوتن لام خەڵاتە
سەربەرزم بەو ئاڵایە
ڕەنگی ئاڵ و واڵایە
کە خۆش بەختیت لە لایە
بۆ ژین دەرگات واڵایە

# مـــۆسـیـقـا

ئـەو نـۆتـە مـۆسـقـایـە
دۆ ڕێ مــی فـا ســۆلا یـە
ئـــاوازی خـــۆشـــی لایـە
پڕ هـەڵپەرکێ و سـەمایــە
چـەند بە سـۆزە ئـەو نـایـە
دڵـخـۆشی ئـێـمـەی لایـە
ئـەمڕۆ شـــایی و هـەرایـە
دونـــیـا ئـــاڵ و والآیـە
بـە لــێـدانـی ئـەو تـەپڵـە
دەی با بیکەن بـە چـەپڵــە
بـە گـۆرانی و بـە بــەنــدە
دونیا پــڕ کەین لە خەنــدە



## ژینگەی پاك

وەکـو مــنـاڵــێکی چـاك
دەپـارێـــزم زەوی و خاك
لە پاشمـاوە و لە خـاشـاك
تا هـەڵـمـژم هـەوای پـاك
مــن پـــارێـــزەری ژینگـە
دڵــم بـەپـیـــســی تەنگە
لەم سـروشـتە قـەشەنـگـە
پـڕ لە گــوڵ و لە هەنـگـە
بــۆ لـەش و لارێـکی ساغ
لە بەرزایی لوتـکەی شــاخ
زۆر دەچێنـم گــوڵی بـــاغ
تا لـە دوایـی نـەڵێـم ئـاخ



# کـۆمـپـیـوتـەر

زانـستی ئەم سـەردەمە بـە کۆمپیوتەر پـەیوەسـتە
زۆر تینووی زانیـاریـیە لە بەحـری زانسـت مـەسـتـە
واز لە تـەمـەڵـی بێـنە لە خـەوی خەفـڵەت هەستە
ئەوەی قـەڵـەم بە دەسـتە خـۆشەویـستی زانسـتە
چـیت دەوێ لەم سەردەمە لـە مــاوەیـەکی کـەمە
هـەمووی لە کۆمپیوتەرە ئـەوەی هەیبێ بێ خەمـە
پــاڵـپشتـێکی زۆر بـاشـە بـۆ کـارکــردنـی ڕۆژانـە
ئـەوی قـوڕس و گـرانـە لای کـۆمـپیـوتـەر ئاسانـە
لـە کــارکـردن خـێــرایـە زیــــرەکە و زۆر وریـایە
کاتت بە فـیرۆ نـادات لـە خـەمـی هەمـووان دایە
بـۆیە دەبـێ وریـابـیـن لـە بـیـری هـەوڵـدانـبین
تـا کۆمـپیـوتـەر بـزانیـن زیـاتـر ڕوو لـە زانـیـارین



## سروشتی کوردستان

ئای لە سروشتی کوردستان
شوێنی خۆشی دڵ مەستان
بە تاڤگە و کانیاوی جوان
دەبزوێ بیر و هەستمان
دەشت و کێوی ڕەنگینە
خۆشترین جێگای ژینە
چیای بەرزی دڵڕفێنە
بە هەشتێکە ئەم شوێنە
کوردستانمان چوار وەرزە
لەم گەردون و لەم ئەرزە
زستانی سارد و سڕە
لە ژێر بەفرا وا کڕە
پایز وەرزی وەرینە
ڕەنگی زەردی زێڕینە
هاوینی گەرم هێنە
وەرزێکە بۆ دروێنە
بەهاری سەوز پۆشە
ڕازاوەیە و بۆن خۆشە
بە جوانی ئەو سروشتە
کوردستان وەك بەهەشتە




## هێڵی پەڕینەوە

هێڵی سپی سەر جادە
هێمایە بۆ پیادە
کە بینیت لێ لا مەدە
چونکە ژیانت پێی بەندە
سەیری بکە و بڕوانە
با دوور بی لەم زیانە
یاسای ڕێگا جوانە
بوونی مانای ژیانە
نە شۆفێر و نە پیادە
بۆ کەس نییە لێی لادە
لە یاساکانی جادە
دەبێ بکرێ پیادە



# میوانی

پێش چوونت بۆ میوانی
ڕەفـــتار بکە بـە جوانی
نـامـە و پەیامی دەنـگی
بـە مـــوبـــایـل و زەنگی
بـنـێـرە بــۆ ســەردانی
یـا بـۆ مـــۆڵـەت پێدانی
دوای کـــردنی سـەلامی
لێی وەر بـگـــرە وەڵامـی
دەبـێ گـوێـی لێڕابگـری
نــەوەك کـاتــی لێبگری



# ڕۆژی جیهانی ژینگە

ئەمڕۆ کە پێنجی شەشە
ژینگە پاك و بێ خەوشە
هەرچی هەیە لە خاشاك
پاکی کەوە لەسەر خاك
مەهێڵە زبڵ و پیسی
دەرد و نەخۆشی و سیسی
با وڵات وەك گوڵی گەش
لە جوانی نەبێ بێ بەش
چونکە لامان گرنگە
ڕۆژی جیهانی ژینگە



## ئینتەرنێت

ئـیـنـتـەرنێـت بـەکـار بێـنە
زانـیــــاری لـێ دەربـێـنـە
زیـرەکی خـۆت بـنـوێـنـە
مـژدەی سـەرکەوتـن بێنـە
زۆر بـە جوانی بیــبیــنــە
لـە کـارەکــەی وردبیــنە
هـەواڵی ئـەم دونـیــایـە
دەرگـــای بــۆ تـۆ والآیــە
ئەوەی پـێـویســتی پێـیە
زانـیــاری بـاشــی تێیـە
هـۆکـاری ئـیـنـتــەرنێتــە
سـودی دەبـەخشێ پـێـتە
ئەو کۆسـپـەی وا لـە ڕێـتە
نـاهـێڵـێ لـە بـەر پێـتـە



## وەرزش

وەرزش بکە ڕۆژانە
سودی زۆرە و بیزانە
چونکە هاوڕێی گشتمانە
هێز و توانای لەشمانە
وەك گزنگی بەیانە
هێمای بەرزی ژیانە
ئەو کەسەی وەرزشوانە
لەشی ڕێك و جوانە
دوور لە کێشە و زیانە
دەی تۆش بیکە گیانە



## لەش ساغی

هەموو کات بۆ لـەش ساغی
ڕووو دەکـەمـە نـێـو بـــاغی
وەرزش دەکـەم هـەمیشـــە
کـە بــۆتــە کـــار و پیشــە
یـاریـکـردنـی هـەمــە جۆر
بەسودە وەك تیشکی خـــۆر
شــــەوانــە زوو دەخـەوم
تا فـریـــای ڕۆژیــش کـەوم
بـۆ هەنـاسە و هـەوای پـاك
بـۆ لـەش ساغـییەکی چـاك
ئـــاوی زۆر دەخـــۆمـــەوە
وەك گـــوڵ دەگـەشێمـــەوە
بـۆ لـەشـێکی تـەنـدروسـت
دەدەم ڕێـنـمـایـی دروسـت



## ئالآ

ئالآیە چوار ڕەنگەکەم     بەرز و شکۆدارەکەم
شوێنت لەسەر دڵەکەم     شانازیت پێوە دەکەم
تا ئەو ڕۆژەی کۆچ دەکەم     هەر خزمەتی تۆ دەکەم
ئەوەش وەسفی ئالآکەم     با بۆتانی بەیان کەم
ڕەنگی سوری جوانە     ڕەنجی خوێنی شەهیدانە
ڕەنگی سپی ئاشتییە     زۆرداری قبوڵ نییە
ڕەنگی زەردی زێرینە     مێژووی کوردی دێرینە
ڕەنگی سەوزی بەهارە     وەرزێکی پڕ گوڵزارە
هەر چەند بکەم ئەو وەسفە     بێ کۆتایی و بێ بنە
وەرن دەست لەناو دەست بین     وەکو کاوەی نەبەرد بین
سەری دوژمن لە گۆڕ نێین     ئازادی بە دەست بێنین
ئەوەی ناحەزی کورد بێ     سەرشۆری ئەو دونیا بێ
دڵمان بۆ کوردستان بێ     ئامانجمان یەك ئامانج بێ
چاوی دوژمنمان کوێر بێ     با ئالآ شەکاوە بێ



# ڕێزگرتن

مــنــاڵــی بــه هــۆش و بیــر
ڕێـزدەگرێت له گــەوره و پــیــر
بـیـری تـیـژ بـوو وەکــو تـیر
هـێمــایـه بـۆ مـنـاڵـی ژیر
دامــەنـیـشــە وەکــو میر
زمــان دەربێــنــی وەك شیــر
بـۆنــت لـێـدێ وەکـو سـیر
ڕێــزت نــامێــنێ لای پیر
دووبـــاره دەیـنمـەوه بـیـر
ئـەی مـنــاڵــی عاقڵ و ژیـر
ڕێـز بـگــره لـه گــەوره و پیر



## وەرزەکانی ساڵ

وەرزەکان چوارن بە ژمار     یەك یەکە وا دێنە خوار
ساڵێ سێ مانگ بە یەکجار     میوانن لە گوند و شار
هاوین وەرزێکی گەرمە     وەرزی دروێنەی گەنمە
بۆ دروێنەی ئەم گەنمە     هەرەوەزی پیشەمە
زستان وەرزێکی ساردە     ئاوی بەستوو وەك بەردە
با تووش نەبی لەم دەردە     تۆزێ خۆتی لێ لادە
بەهار وەرزێکی سەوزە     وەرزی جوان و ناوازە
دەنگی کانیاوی تازە     دەرکەوتن بەم ئاوازە
پایز وەرزی وەرینە     سەرەتای با و بارینە
سەرتاپای ئەم زەمینە     پڕ لە گەڵای زێرینە



# کاتەکانم

چاوەکانم دانـــــــاخەم
کاتــەکانم ڕێـك دەخەم
کــاتی ڕۆژ و کاتی شەو
قەت بەڕێناکەم بە خەو
کــاتــم بــە فــیـڕۆ نادەم
لە هیچ یەکیان لانادەم
ئــەرکــەکــانی ڕۆژانــە
حــەسانەوەی شەوانــە
ئــەوانــە زۆر گــریـنگــن
تیشکی خۆری گزنگــن



## مـەبـەسـت

بـــا هەمـوو دەست لە ناو دەست
ڕوو لـە هـیــوا و لـە مـەبـەسـت
بـگـریـنـە بـەر ڕێـگـــای ڕاســـت
بـــە هـــونـــەر و بـــە زانـسـت
بە بـازوو و بە دەسـت و مســـت
ببین بـە خـــاوەن هـەڵــوێـسـت
تـا دەربـــڕیـــن بـیـر و هـەسـت
گـەر پێنـوس بـگریـن بە دەسـت
دەشکێنیـن کـۆت و بـەربەســت
دەگەین بـە ڕێگـای مـەبـەســت
تــاکـو ببـیـن بە یـەك دەســت
ببین بـە هـــاوڕێ و بـە دۆســت
وڵاتـمـان دەبـێ سـەربـەســت
ئینجـا دەگـەیـن بـە مەبــەسـت



## زۆر خەوتن



ئـەو مـــنـــاڵـەی کـە ژیــرە
دوا ڕۆژی خـــۆی لـە بـــیـــرە
تـــێـدەکـــۆشێ ڕۆژ و شـــەو
خۆی بە دوور دەگـرێ لەخــەو
ئـــەوەی کـــە زۆر دەخـــەوێ
قـەڵـــەوی ڕێـــی لـێ دەگرێ
بـە ئـاسـانـیش نـاجـولـێ
فـریـای یـــاریـــش نـاکەوێ
جـل و بـــەرگ و پـۆشـاکــی
هــیـچـی نـابێ بە بـەرگی
هەر کـاتێکیش کـە خـــەوتی
وریــابـە بــۆ لـەش سـاغـی
مـــنـــداڵان بـا هــەمـــوومـان
وەك گـــوارە بێ لە گـــوێمـــان
وتـــــەی بـــاب و بـاپـیـران
زۆر بـــەنـــرخـــە لـــەلامـــان
زوو نـــووستن و زوو هەستـان
زۆر بـەسـودە بـۆ لـەشـــمـــان

# هەور و باران

لە زسـتـــان و بەهـــاران
دەهـێنێ هــەور و بــاران
لەسەر ئاسمانی شـــاران
دەبـــارێ وەکـو جــاران
بـۆ گـژ و گـیاو بۆ داران
بـۆ هـــەژار و نـــەداران
بـۆ گـوڵ و بۆ گـــوڵزاران
بـۆتە وێـردی سـەرزاران
( خوایـە بــبـارێ بـاران
بـۆ فەقـیـر و هـەژاران )




# زانست

زانستە ڕێگای ڕاستی
لامانەدا لە چەوتی
هاوکاری و خۆشەویستی
هەر ئەوەیە مەبەستی
بە ئازایی و بە چوستی
دووربین لە خاوی و سستی
گەر بچێژین مەینەتی
دوا ڕۆژ نابینین سەختی
چونکە نەوەی دوا ڕۆژین
بۆیە دەبێت تێکۆشین
کە بۆ زانست پەرۆشین
هەر وەکو گوڵ ڕوو گەشین



## هـەولـێـر

مـن کە شـــاری هـەولـێـرم
پـایـتـەخـتی کـوردسـتـانـم
لـەنـــاو شـــاران شـیـریـنـم
خـــاوەن مـــێـژووی دێـرینم
بـۆیـە ئـەمـــڕۆ دڵ خۆشـم
شـادی بـە ژیـــن دەنـۆشم
بـەرزە مـنـارە و قـــەلاکـــەم
بـە تـۆ جـوانـە شـــارەکـەم
خـاکـی بـــاب و بـاپـیـــرم
تۆی هەموو کات لە بـیــرم
شوێنی گشت گەل و هـــۆزم
وەك چـــاوم دەتــپـارێـزم



# هاوڕێ

مـن و تـۆ بـووین بە هاوڕێ
بووین بە کاروانچی یەك ڕێ
لە کـاتی خـۆشی و ئاهەنگ
لــە تـاریـکـی شــەوە زەنگ
بــۆ یـەك دەبــیـن بـە چرا
دەبــیـن بـە خـوشـك و بـرا
وەکـــو دوو هـاوڕێی دڵـسۆز
بـۆ یەك هاوخەم و هـاوسۆز
لـە گـشــت کـارێـکـی ژیان
دەبـین بەیەك بە دڵ و گیان



# تـرافـیـك

لــە کـــاتـی تــرافـیـکـە ڕا بــووەســتــە بێ فـیـکـە
لە دەست پۆلیس ڕامەکە گـوێ بۆ یاساکـەی شـلکە
یـــاســـای ڕێـگـــا جـوانـە بـــوونـی مـــانـای ژیـانـە
ڕەنـگی ســور وەستانـە ڕێـــزی یـــاســـا بـــزانـە
کـە زەرد هـات ئامادەبـە بـــۆ ڕۆیـشـــتـن وریـــابـە
لـە ڕەنگی سەوز دەرچـە دوودڵ مـەبـە و مەوەستە
لـە کـــاتـی پـەڕیـنـــەوە خـێرایەکـەت کـەم کـەوە
ڕێـــزی پــیـــادە بـگـــرە دڵـــی ئـــەوان ڕاگـــرە
لـەگـەڵ هـێـمـاکـــان بـڕۆ بـە هـێـواشی لـەسەرخۆ
ڕێـز گـرتـنـی هــاتـــوچـۆ پـێـویـسـتـە لـەسـەرتـۆ



## من کوردم

شـــانـازیـــیـــە کە کـــوردبـــم
خـــاوەن ئـــالاّ و کلــتـــوربـم
بـــاکـــم نـــیـــیـــە لـــە ژیان
خـــاکـــم دوور بـــێ لـــە زیـان
چـەنـدیـن کەسـی قـارەمـــان
ڕەنـجـــیـدا بـــۆ نیـشـــتیمـان
ئێسـتاش ئـێمـە لـە مەیـــدان
نـــاوەســـتیـن بـــە بێ وچـان
بـــۆ ســـەربـــەرزی ئـــالاّمان
دەبەخشیـن خوێنی ئـــاڵمان
با دەست بخـــەینە ناودەست
بـۆ یـەك ئامانـــج و مەبەست
تـا بـــەرز بـــێ ئـــالاّمـــان
جـــوانـتـر دەبـــێ بـالاّمـــان



## مۆسیقا و ئاهەنگ

وا دەنـگـی دەف و ســۆزی بـلـوێــره
ئـاهـەنـگـی شـادی و خـۆشییه لـێــره
دەی کەمێ گوێی خۆت بـۆمـن ڕادێــره
لـەنـێــو ئـەو بـاغ و گــوڵ و شـلـێـره
دەنگی مـۆسیقای دۆ ڕێ مــی فـا سۆل
دڵ دێنـێتـه جۆش بـه گوڕ و بــه کـوڵ
گەر گوێـی لێبگری تاوێ پۆل بــه پــۆل
خــۆشـی دەهێنێ بـۆ مـاڵـێكـی چۆڵ



## پشووی هاوین

هاوینە و پشوومانە
چوونە خول پیشەمانە
کە هێز و توانامانە
ئایندەی دوا ڕۆژمانە
تا دووربین لەم کۆڵانە
دەچین بۆ ئەو خولانە
کۆمپیوتەر بێ یا زمان
بیرکاری بێ یا ڕێزمان
هەر بابەتێك بێ لامان
ڕوون دەبێ لەبەر چاومان
کار ئاسانییە بۆمان
بۆ دەرس و بۆ دەورمان



# مـامـۆسـتـا

مـامـۆسـتـا تـۆ دڵـسـۆزی
لـە لامـــان زۆر پـــیـــرۆزی
بـۆ ئـێـمـە زۆر بـە سـۆزی
مـــایـەی شـــانـــازی و ڕێـزی
بـەبـیـر و هـۆش و هەسـتـی
هـــەوڵـــدەدا و نـــاوەسـتـی
تـــا فـێـردەبـــیـن زانـسـتـی
ڕەوشـــتـــی جـــوان و ڕاسـتـی
مـــامـــۆسـتـا تـــۆ دڵـپـاکـی
لە جـێگـــای دایـك و بـاوکی
لـەگـەڵ ئـێـمـە هـــــیـلاکـی
لـــە فـیـربـوونـمـان بێ باکی
بـــۆمـان دەهـێـنـی ڕووناکی
تـــا ببـــڕیـن ڕێـی تـاریکی
هانماندەدەی کۆشش کەیـــن
تـا خـزمـەتـی وڵات کـەیـــن



# هاوکاری

دڵخـۆشــم بـە هـاوکـاری
دانــانــیــشــم بـێ کـاری
وا گــرنــگــی پــێــدەدەم
یـارمــەتـی ئـێــوە دەدەم
بە هـەمـە چەشـن و زۆربــار
لەگەڵتان دەگــرم دەسـتـبـار
بــاوکـم وا فـێری کــردووم
بەجوانی گـەورەی کـــردووم
هـاوکـاری خـەڵـکـی بـکەم
کـاریـان بـۆ ئـاسـان بـکـەم
سوپاس بۆ تۆ باوکە گــیـان
سـەربـەرزت کــردم لـە ژیان



## من پێشمەرگەی کوردستانم

من پێشمەرگەی کوردستانم ڕۆڵەی کوردی قارەمانم
توند و تۆڵ زۆر چالاکم خاوەنی دڵێکی پاکم
لە پێناوی دەجەنگم دەی پارێزم بە مەرگم
لوولەی بەرزە تفەنگم قەلای قەڵغانە سینگم
لە شەڕپێش ڕەوی دەکەم وەك ڕەشەبا هەڵدەکەم
بە تۆز و خۆڵی ژێرپێم چاوی دوژمن کوێر دەکەم
من پێشمەرگەی کوردستانم ئارام بەخشی ژیانم
لە جیهان هێمای ئاشتیم بۆ کورد مایەی شانازیم
من کە دوژمن بەزیَنم سەربڵند وەك سەفینم
ئازایی خۆم دەنوێنم موژدەی سەرکەوتن دێنم
بە چوار پارچەی کوردستانم فیدای دەکەم ماڵ و گیانم
من ڕۆژئاوا و ڕۆژ هەڵاتم باکور و باشوری وڵاتم



# سوپاس و پێزانین

پڕ بەدڵ سوپاسی هەموو ئەو بەرێزانە
دەکەم کەیارمەتیاندام لە هەڵەچنی و
لە ڕێنمایی بەتایبەتی مامۆستایان و برایانی زێدە ئازیزم
( زەکان حمە عزیز و نەجات عبدالرحمن و ئەشقی فایەق )
سەربەرز و سەرفرازی هەر دوو دونیا بن.



## کورتەیەک لەژیاننامەی شاعیر :

ناوی تەواوی شاعیر بەختیار حەمەد تاهیرە ناسراوە بە (بەختیار کەلهوڕی) لەشاری هەولێر لەساڵی (1984) لەدایک بووە قۆناغەکانی خوێندنی هەر لەم شارە تەواوکردووە دواتر لەپەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر وەرگیراوە و دوای تەواو کردنی دوو ساڵی پەیمانگا بڕوانامەی ( دبلۆم ) لەبیرکاری وەردەگرێ و دەبێ بە مامۆستا , دوای هەشت ساڵ خزمەتی مامۆستایەتی جارێکی تر ڕوو لەخوێندن دەکاتەوە و بڕوانامەیەکی تری زانستی ( بەکالۆریۆس ) لەزانکۆی سەلاحەددین هەولێر لەبەشی زمان و ئەدەبی کوردی وەردەگرێ ئێستاش بەردەوامە لەسەرکاری خۆی شاعیر هیچ بەرهەمێکی تری بڵاوکراوەی نییە, شاعیر سەرەتای نووسینی شیعرەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی (2004-2005) بەشداری چەندین بەرنامەی تیڤی و ڕادیۆ و زۆر کۆڕی شیعری کردووە ئێساتش چەند بەرهەمێکی ئامادەکراوی شیعری لەبوارە جۆر بە جۆرەکانی ژیاندا هەیە ئامادەیە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە, لەئایندەیەکی نزیک شاعیر بڵاویان دەکاتەوە .



## سمارت فۆن

شەوان لە کاتی خەوتن
حــەوانــەوە و پاڵکەوتن
وریـابە لە سمـارت فۆن
ئـەوەی لە نـزیکی تۆن
لە مـوبـایــل و ئـایـپاد
نـەکەی بیان کەی لەیاد
هـۆکـارن بـۆ نەخۆشی
بـۆ ئــــازار و نـاخۆشی
مـنـدالان لە کاتی شەو
لـە کاتی هـاتـنـی خەو
بـۆ بـاری تـەنـدروستی
دووربە و ببە بەربەستی



